عادل شاسواری

# سۆمای دیده

2005

www.ketab.ir

شهسواری، عادل، ۱۳۴۱ -
سومای دیده / عادل شهسواری. -- تهران: احسان، ۱۳۸۴.
۷۲۴ ص.
ISBN: 964-356-400-2
کردی.
فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
کتابنامه: ص. ۷۲۴-۷۲۰
۱. اندرزنامه‌های کردی. ۲. اخلاق اسلامی. الف. عنوان.
۹س ۹ش/ ۲۴۹ BP ۲۹۷/۶۷
کتابخانه ملی ایران ۸۳-۴۲۱۶۱م

www.ketab.ir

## سوّمای دیده


| | |
|---|---|
| مؤلف: | عادل شهسواری |
| ناشر: | نشر احسان |
| تیراژ: | ۳۰۰۰ جلد |
| نوبت چاپ: | اول - ۱۴۲۶ هـ. ق |
| چاپ: | چاپخانه مهارت |
| قیمت: | ۳۰۰۰ تومان |

فروشگاه شمارهٔ ۱: تهران - خیابان انقلاب - روبروی دانشگاه - مجتمع فروزنده - شمارهٔ ۴۰۶ - تلفن: ۶۹۵۴۴۰۴
فروشگاه شمارهٔ ۲: تهران - خیابان ناصر خسرو - کوچه حاج نایب - شمارهٔ ۱/۱۱ - تلفن: ۳۹۰۲۷۵۰
صندوق پستی: تهران ۳۸۵ - ۱۱۴۹۵

ISBN: 964-356-400-2
شابک: ۹۶۴-۳۵۶-۴۰۰-۲

نشر احسان

بسم الله الرحمن الرحيم

ربنا ءاتنا من لدنك رحمة وهئ لنا من أمرنا رشدا .

پەروەردگارمان ، سۆز و رەحمەتی خۆتمان پێ خەڵات بکە و بمانگەیێنە بە مەبەستی پەسەندمان .

ربنا اصرف عنا عذاب جهنم إن عذابها كان غراما إنها ساءت مستقرا ومقاما .

پەروەردگارمان،ئازاری دۆزەخمان لێ لابدە،بەڕاستی ئازارەکەی سەخت و درێژخایەنە ، بەدڵنیاییەوە ئەوێ ئاسۆرترین نشینگەو ناخۆشترین جێگەیە .

www.ketab.ir

www.ketab.ir


- ناوی کتێب : سۆمای دیدە .
- ناوی نووسەر : عادل شاسواری .
- رشتەی کتێب : بابەتی رەنگالە .
- نۆبەتی چاپ : چاپی چوارەم .
- ساڵی چاپ : ٢٠٠٥
- ژمارەی سپاردن : ٤٧ی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێدراوە .
- لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنبیر - سلێمانی .

# وتەیەك

ومن یؤت الحكمة فقد أوتي خیرا كثیرا [1]

سوپاس و ستایش بۆ خوای میهرەبان و بەبەزەیی .. حەمدو شوکر بۆ ئەو زاتە میهرەبانەی نیعمەتی شوکری پێ بەخشیوین، ئەو نیعمەتەی کە بە گوفتاری شیرینی خۆی لەسەری ئەفەرمویَ : لئن شكرتم لأزیدنكم ئێمەش سوپاسی ئەو خوا میهرەبانە ئەکەین و بەرامبەر بە نیعمەتەکانی سوژدەی شوکر دەبەین و بەتەمای زیاتریشین، لە گەورەیی‌و میهری بەرفراوانی چاوەڕێی لوتف و کەرەمی زیاترین.

بەڕاستی منەت باری مەرحەمەتی بارین و ئەوە دەستی تەکریمی ئەوە ئاوا هیدایەتی داین کە ئەم بەرهەمە بێتە بەر لەماوەی ئەو حەوت ساڵەدا (٢٣/٦/٩٩٤ ٢٣/٦/٢٠٠١) .

ئەم هەمبانەی وردە بابەتە ئەوەندەی لە هەرچیَ چنێك و لە هەر كات بەرێك و لە هەر حاڵ بزەیەك یان ئیشكێكی كۆ كردووە، ئەبووەتە فەرهەنگ چنی هەموو تەمەن.. ئەم سێڵاوی دێڕە ئەوەندەی چپەیەکی ناسك و بزەیەکی شیرین و ووشەیەکی مێمن و هەناسەیەکی بەسۆزە، بیرکردنەوەیەکی تورە نییە.. هەروەك ئەوەندەی كەشكۆڵی دەروێش و خۆفی سۆفی‌و سەدای زكرو نزای پیرو زرەی گەڵای پاییزو هاژەی جلوەو خەنینی یاڵ ی كۆ نووسراوەكانی فارس و عەرب و تورك و عەجەمەو تەرجەمەی دەستی هاوخوانانی سفرەو خوانی ئەم سۆمایەیە رەنجی تەنها كەسێك و شێوازی تەنها نووسەرێك نییە.. ئەم (سێڵاوی ووشانە) ئەوەندە لەكارێزی پشووی تەمەنەوە نزیكە وەك سۆمای دیدەی لێ هاتووە، ئاوێتەیەكە لەبینایی پیرو گرۆگاڵی ساوا، لەجوانی گەنج و لەغروبی تەمەن، لەگەپ و نوكتەی سەرە رێو لەڕووبینایی بەئەزمونی چەندان پسپۆڕو موسافیری ڕێگای خۆر، لەهاژەی تەمەن و لەبەهاری چەمەن، لەسەكۆی عیرفان و لەمەكۆی دوور لە سكونی هەرزەكارانە، لەئەدەبی ویقارو لەفزوڵیەتی پرسیار، لەوەڵامی بەجێو لەصەمتی ئازاردەر هتد.

- به کورتیەکەی ئینسكلۆپیدیایەكە لە هەنگوینی مەعریفەو خواناسی‌و زانیاری؛ خەرمانێكە لە وتەی زاناو ئەدگاری مێژووی ژیان، چراخانێكە لە شابەندی پەندو رۆشنبیری؛ چەردەیەكە لە رەوشی شارستانی‌و مەلۆیەكە لە گەوهەربەندی چیای زانست و بەهارێك لە باقەی چەرەسی جرودی ئەستێرەو بارەشێك لە تریفەی مانگ و چەمێك لە كارێزی پشوو. بەقەدەر ژمارەی لاپەرەكانی رەنج دراوە لەگەڵ بەرهەمهێنانی: كۆی بەرهەمی ساڵەهای ساڵی عارفان و زاهیدان و بۆخواصولحاوان و رەنجی گەنجی هاوڕێو هاوكارانم و لافاوی بەهاری دەفتەر و نامەو گوڵ و چراو كەف و كۆی حەوت ساڵی تەمەنم و هەشت بەرگ نامیلكەی كارێز و حەفتا هەنگاو و بەرگێكی بەرەونەقی سۆمای ژین و چەندین بابەتی تری نوێ بوونەتە ئەم ﴿ **سۆمای دیدە** ﴾یە.


---

([1]) البقرة / ٢٦٩ واتە: ئەوەی ژیریی‌و دانایی پێدرا؛ بەڕاستی چاكەی زۆری لەگەڵ كراوە.

داڕشتنەوەشی رەنگی ژیانی گرتووە هەروەك ئەو : خەنین و گرین، شەوو ڕۆژ، گەرماو سەرما، ترش و شیرین ... بەدوای یەكدا دێن بێ ئەوەی پەردەیەك لەنێوانیاندا هەبێت.

كاتی خۆیشی لەسەر سەكۆی بچوك و لاپەڕەی كورتە باڵاو نامیلكەی قەدباریكەلەو بە سەرە مەقەست و ووردەواڵەی ئێسك سووك لێرەو لەوێ بە خزمەتتان گەیشتووین و سوپاسی خۆمان بۆ رەنج و هەوڵی دڵسۆزانەتان دەربڕیوو.

ئەمێستاش جارێك و سەد جار تەعبیری لێ دەكەینەوەو نامە بەپێزو بەرهەمە بەهێزەكانتان پاڵ پشتێكی گەورەمان بوون بۆ بۆشناخ كردنی ئەم مەملەكەتی موحیبەتە.. خوای گەورە دوا پیتی ئەم ناهەنگی ووشانەمان بە ئیمزای وەرگرتنی خۆی. موشەڕەف بكات و هەموانیش بە فیردەوسی خۆش گوزار سروورمەند بفەرمووێت، سەركەوتنیش هەر لە خواوەیە.



**عادل شاسواری**

سلێمانی

٢٠٠١/٦/٢٣

www.ketab.ir